**هەڕەشە،ترساندن، زیندانی کردن، خەڵک فریو دان، ئەمانە وانەکانی قوتابخانەی کوردایەتیە ... حەمە سەعید کەریم**

de.mo-ka-dekan@hotmail



ئەوەی ئە مڕۆ جێگای سەرنجە لە کوردستان توندو تیژ بوونەوەی کێشە کۆمە ڵایە تیەکانە لە نێوان هێزە کۆمەڵایە تیەکان و هێزی دەسەڵاتداردا کە پارتی و یە تی سەر قافڵە یانن، واتە چینی کرێکار و خەڵکانی ئازادی خوازو شۆڕشگێر و توێژەکانی مایل بە ئازادی و دیموکراسی ها تونەتە مەیدان وخەریکی خۆ ڕێکخستنن، ئەوەتا دەبینین ڕۆژانە لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردیدا خەڵکانی ئازادی خواز سنگی خۆیان دە نێن بە گوولەی گەرمی هەڵۆ سوورەکانی قووتابخانەی کوردایەتی یەوە، لە سەر چی لەسەر زەق بونەوەی دیاردەی هەژاری و بێ مافی و دەوڵەمەن بونی ژمارەیەکی کەم لە دەستوپیوەندەکانی هەردووەزگاکە (زانیاری و پاراستن) و هەروەها بەرز بونەوەی ڕۆژلەگەڵ ڕۆژی نرخی کاڵاکان ودەست بەسەرا گرتنی بازاڕ لەلایەن کەمێک لێپرسراوی ئەم دوو دەستگایە وە.، سەرانی قوتابخانەی کوردایەتی تا توانیان خەڵکیان، دا بە ناوی پەرلەمان، بەناوی مافی چارەی خۆنووسین، بە ناوی کە رکووک قودس و دڵی کوردستانە، بە ناوی پرۆسەی ئازادی، پازدە ساڵ دەهۆڵیان کوتا، پازدە ساڵ دزی و ڕاووڕوتیان کرد، پازدە ساڵ دژ بە ئازادی سەنگەرەکانی خۆیان قایم وپتەو کرد، دەیان و سەدان کۆشکی فیرعەونی یان بڵند کرد، لەشکر کێشی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ناو کوردستان و لیدانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا و ئێران، تا کار گە یشتە ئەوەی لەشکری گاردی کۆماری بە پێشرەوایەتی جامانە سوورەکانی پارتی شاری هەولێریان کردە پاداشتێک بۆ قوربانیانی حەوت هەزار بار زانی بێ سەرو شوێن، و کوشتن و تیرۆر کردنی سەدان ژن و پەروەردەکردنی چەندین تۆڕی ئیسلامی بۆ لە گرێژەنە بردنی بیروباوەری کۆمۆنیستی و ترسی گەشەی کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری مەدەنیەت، لەم کاتەدا کار خەریکە بەرەو ئەوە دەچێت زەنگی مەرگی لەناوچونی قوتابخانەی کوردایەتی چیتر بازاڕی نە مێنێت، بەرەو هەلدێری لەناو چوون مل بنێ و خەڵکانی ئازادی خوازو شۆڕشگێر جێگرەوەیان بن، لە مانگی ڕابوردودا چە ندین نمایشتمان بینی فەشەلی کوردایەتی لە سەپاندنی دەستووره کۆنەپەرەستانەکە، و وەڵامی ددان شکێنەرانەی خەڵکی کوردستان بە دەستوور، سەفەرەکەی بارزانی بۆ پەردەپۆش کردنی ئەو شکستە بۆ لای ئاغاکانیان بۆ ئەمریکا بە جلی کوردیە وە (کە ئەمە بەشێک بو لە سیاسەتی فریودان)، لە هەمان کاتدا هێنانی سەدام بۆ دادگایی کردنی لە لایەن دادوەرێکی کوردەوە، لە هەمان کاتدا تاڵەبانی ئەو خاڵکە ئازادی خوازەی کە باشدارنەبوون لە دەنگ دان کردە هاوپەیمان و هاوبەشی بن لادن و تۆڕە ئیسلامیەکان، و با خیانەت لەقەڵەم دانی هەزاران خێزانی ئاوارەی کەرکوک، و بە موخەڕیب لە قەڵەم دانی خەڵکانی ڕاپەڕیو، بەڵێ زۆر شت هەن ئەگەر باس بکرێن بەڵام زۆریش باسکراون و دەبێت دەستی ئەمانە لە ناو دەوڵەت کۆتا بکرێت و دەسەڵات بدرێتە دەستی خەڵک خۆی.ئێستا ئەوەی کە زۆر لە ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان بە سەر دەمیانەوەیە و لە لایەن

دەسەڵاتدارەکانەوە هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت مەسەلەی بە رقەرار بونی ئازادی یە، چونکە بە بەر چاوی ملیۆنان خەڵکی ئازادی خوازەوە خاڵکی دەخەنە زیندانەوە و ژێر شکەنجەو ئازارەوە، دوکتۆر کەمال سەید قادر دەخەنە ژێر وەحشیانەترین شکەنجەوە لەسەر ئەوەی ئازاد نیە نۆکەرایەتی قوتابخانەی کوردایەتی لەگەڵ زل هێزەکانی دنیای کۆنەپەرەستی بخاتە ڕوو، بۆیە ئەمەش شێوەیەکی تری درێژە دانە بە سیاسەتی کۆنەپەرەستانەیان، دەبێت دەست بەجێ ئازاد بکرێت، ئەمە حوکمی خەڵکە و دەبێت رێز بۆ خەڵکیش دابنرێت، یان لە سلێمانی خە ڵکانی کۆمۆنیست و ئایادی خوازیش ڕاپێچی زیندانەکان دەکەن ڕێبوار عارف، زمناکۆ عەزیز، و دەیانی تر، دەبێت چیتر ڕێگا بە مل هوڕی ئەم دەستگایانە نەدرێت لە ژێر ناوی کوردایە تیدا ڕۆڵەکانمان بخەنە زیندانەوە و کۆمەڵێک قەڵەم فرۆش بە دەکەونە پاساو دانی گرتن و هەڵواسین و هەقانیەت دەدەنە کۆنەپەرەستان، مردن و سەرشۆڕی بۆ سەرانی قوتابخانەی کوردایەتی، بژی ئازادی و دیموکراسی.